# مێردەکان بە دوای خۆشی دووژنیدا دەگەڕێن

**لەعەرەبییەوە/ئەکبەر جەهانگیری**

زۆربەی ژنە سعودییەکان قبووڵی ناکەن کە ببنە دووهەم ژنی پیاوێك، مەگەر زۆر بەدەگمەن نەبێت، هیچیشیان رازینابن کە ببنە (هەوی) ژنێکی تر، هەتا ئەگەر لەو باوەڕەشدا بن کە خەتایەکیان هەیە لەبەرامبەر مێردەکانیان، ئەمەش لەکاتێکدایە کە ژمارەی قەیرە کچ لەزیاد بووندایە لەکۆمەڵگای سعودیدا، کە ژمارەی کچەکان دەگاتە نزیکەی دوو میلیۆن قەیرە کچ، لە کۆی هەشت میلیۆن ژنی مەملەکەتەکە. بەڵام زۆربەی مێردەکان، لەقۆناخە جیاوازەکانی تەمەنیاتدا، خەون و خەیاڵیان هەر لەلای ژنی دووەمە، کە بچوکتر و جوانتر و نەرمونیان تەربێت، بەبێ ئەوەی رەچاوی بارودۆخی ژیانی خێزانیان بن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەمیان بڕیاری هێنانی دووەم ژن دەدەن. ئەمەش لەبەر هۆکاری جیاواز جیاواز.

رۆژنامەی (ئەلوەتەن)ی سعودی لەزمانی (ح. عەسیرن)ەوە ئاشکرای کرد کە عەسیری گتویەتی، ئەو بڕیارەی کە داوایەتی ببێتە دووەم ژن، گرانترین بڕیاربووە لەژیانیدا، ئەو دەڵێت (مێردەکەم) هەمیشە لێم دوورە، شەوێك دەیبینم و بەچەندین شەو نابینم و لێمدوورە، لەم ماوەیەشدا لەلای ژنە یەکەمەکەیەتی، من مەجبورم کە ئەم رەوشەی خۆم قەبووڵ بکەم، ئەمە کێشەی منە و خۆم تێوە گلاوم)).

(ف. مۆزن) دەڵێت ((مێردێك کە ژنیشی هەبوو، هەاتە خوازبێنیم، مەرجەکەش ئەوە بوو کە تا ماوەیەك ئەم مەسەلەیە بەنهێنی بمێنێتەوە، تا خۆی رێکدەخات، منیش قەبووڵم کرد و بوومە ژنی دووەم، بەڵام ئێستا زۆر ئاستەنگی دەکەوێتە پێشم، ژنە یەکەمەکەی نازانێ کە ئەو ژنی بەسەردا هێناوە، لەبەرئەمەش زۆر لەڕووی دەروونییەوە ماندوم دەکات، چونکە مێردەکەم لەچەند کاتێکی دیاریکراودا دێتە لام، درۆ لەگەڵ ژنەکەی دیکەیدا دەکات و دەڵێت لەسەفەرم، زۆر جار رۆژانی چوارشەممە تا هەینی یان لە ناوەڕاستی هەفتەدا یان هەر نایەت تەنها لەکاتی دەرکەوتنی لەدەوامەکەی ئەویش بۆ سەعاتێك دواتر دەچێتەوە لای ژنەکەی تری.

هەروەها گوتی: (( داوام لێ کرد کە ئەم مەسەلەیە بە ژنەکەی تری بڵێت، بەڵام زۆر بە توونی رەتیکردەوە، گوتی ژنەکەم لەم مەسەلانە تێبگات و داوای جیابوونەوەی لێ دەکات، ئەو بۆ منداڵەکانی دەترسێت، شتێك کە هێشتویەتی بێدەنگ بم ئەوەیە کە ئەو خێزانە تێك نەچێت، باشترین شتیش بۆ ژن ئەوەیە کە قەبووڵ نەکەن ببنە ژنی دووەم، چونکە لە ژیاندا مەینەتییەکی زۆر لەگەڵ خۆی دێنێ.

ژنە یەکەمەکەم خۆی بەگەورە دەزانێ مەحمەد دوسری وا دەبینێت؛ کە ژنی دووەم لەژیانی پیاودا هەڵەیەکی گەورەیە کە بەرامبەر خۆی و ژنە یەمەکەی ئەنجامی دەدات.

هەروەها ئەبومحەممەد لەلای خۆیەوە باسی لەئەزموونی دووژنی خۆیَ دەکات و دەڵێت:(تەمەنم 39 ساڵە، شەهادەکەم لەناوەندی کەمترە، ژنە یەکەمەکەم جوانە رۆشنبیرە و موچەخۆریشە، زۆر گرنگی بە ژیانی من و منداڵەکانم دەدات. بەڵام ژنە دووەمەکەم تەنها بۆ خۆمم تەرخانکردووە، کاری دەرەوە ناکات، ئەو هەمیشە پرسیاری ژنەکەی ترم لێ دەکات).

دکتۆر مەحمود مەحمەد کسناوی کە مامۆستای کۆمەڵناسییە لە زانکۆی(ئۆم قورا) لەم بارەیەوە دەڵێت((پێویستە ژیانی ژن و مێردایەتی پڕ بێت لەخۆشەویستی، رێز گەرمبوونی بەرامبەر، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە پەروەردە منداڵەکانیان سەرکەوتووبێت، خێزان لەسەر ئەم بنەمایە ئاوادەبێت، بەڵام هەندێك جار مێرد پەنا دەباتە بەر ژنێکی تر هۆکارەکەی ئەوەیە، کە کێشەی لەگەڵ ژنەکەی دیکەدا هەیە و لەو کێشانە هەڵدێت و دارمانی خێزانی خۆی پێ پر دەکاتەوە، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە کە هەمیشە ژن هەڵە بێت، زۆر جار پیاویش هەڵەیە هەروەها گوتی: ((هەندێك جار پیاو ژنی دووهەم دێنێت، تەنها لەبەر هۆکاری داب و نەریتە کۆمەڵایەتیە باوەکان، یان هەندێك جار پیاو وەکو ئارەزوویەك ژنی دووهەم دێنێت، لەوانەیە هیچ کێشەیەکیشی لەگەڵ ژنی یەکەمدا نەبێت، زۆر جاریش ئەم جۆرە زەواجانە دەبنە هۆکاری خوڵقاندنی کێشەی جیاواز، دواتریش کین لەدڵیان دروستدەکات، ئەمەش بەتایبەتی لەکاتێکدا ئەگەر منداڵ لەنێوانیاندا هەبێت. بە شێوەیەکی گشتی پیاو بۆ ئەوە پەنا دەباتە بەر ژنی دووەم تا وەکو ئەو بۆشاییەی ژیانی سۆزداری و ئارامی و خۆشێتی پر بکاتەوە )).